**مام جەلال لە ناو وێنەکاندا!؟**

زۆر جار دەوری نزیک نیوەڕۆ لەو بەری دۆڵەکەی خڕی ناوزەنگ، دەمبینی بە گۆچانەکەیەوە بەرەو ژوور هەڵدەکشا یان بەرەو خوار دادەکشا. ڕۆژێکیان ژۆڕنالیستێکی فەڕەنسی لە گەڵم ڕووبەڕوو بوو، دوا قسەی ئەوە بوو کە دەیەوێ بچێ لەو بەری دۆڵەکە مام جەلال ببینێ و لێمی پرسی" مام جەلال چۆن کەسێکە؟" منی تەمەن کەم هەر ئەوەی بیستبووم، تەحویلی ئەوم دا. گوتم لە ڕێوی دەچێ. مەبەستی من هەر ئەو بۆچوونە کوردانەیە بوو، کە لە ڕێوی هەمانە.

بەر لەوەی بگەینە خڕی ناوزەنگ، هاوشان لە گەڵ پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی لە شەڕی سەقز بەشداری شەڕ بووم، بە بێ ئەوەی بزانم کلاشینکۆف چۆن کار دەکا، یەکیەتییەکان ببوونە بەڵاگەردانی من و ئەوانی دی. پێشتر لە ڕۆژی بیست وهەشتی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ پێشمەرگەکانی یەکیەتیم بەسەر شاخەکانی نێوان سنە وسەقز دیتبوو، شکۆیەکیان هەبوو. بەر لەو، لە شارەکەی ئێمە درووشمی لەو چەشنەیان بۆ یەکیەتی دەگوتەوە" یەکیەتی نیشتمانی ئەتۆ هیوای کوردانی".

کاتێک لە کۆمەڵگایەکدا گەورە بی، کە بیر و هزری سەربەخۆ لات پێک نەیات، ئەو شتانە دووبارە دەکەیەوە کە دەیبیستی یان دەیخوێنییەوە. لە مێشکی مندا ڕووداوی ساڵی ١٩٦٦ وێنەیەکی ناحەزی لە مام جەلال کێشابوو، بە جێ هێشتنی شۆڕش و چوون بۆ هەمەدان. بۆچوونە لە سەر ڕووداوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کێ نووسیویەتی و کێ گێڕاویەتەوە. لەوە تێگەیشتبووم کە کورد بە تایبەت سیاسی و حزبەکان، کەمترین نرخ بۆ بیستنی ڕاستی دادەنێنن، ئەوان حەز دەکەن ئەوە ببیستن، بخوێننەوە و بنووسن کە خۆیان حەزیان لێیەتی، هەربۆیە دەرخستنی ڕاستی و ڕووکردنی بەڵگەنامەکان، کارێکی دژوارە.

ساڵی ١٣٦٠ بە ئەنقەست زۆرجار سەردانی هۆتێلێکم دەکرد لە نزیک مەیدانی فردووسی لە تاران، کە لە شوێنی کارەکەم دوور نەبوو، لەم هوتێلە کەسانی سەر بە یەکیەتی ئۆتراغیان دەکرد و چەند جارێک چاوم بە مام جەلال کەوت بە بێ ئەوەی بمەوێ لە گەڵی ڕووبەڕوو بم. تێکەڵاوی ئەوان و پارتی لە گەڵ دوو ڕژیمی شا و خومەینی، چەشنێک بێزاری لە ئێمە ڕۆژهەڵاتییەکاندا پێک هێنابوو.

شەقی زەمانە جارێکی تر هەڵیداشتمە باشوور، ڕاست لەو کاتانەدا کە لە پشت ئاشان هێرش کرایە سەر حزبی شیوعی عێراق و ڕاستەوخۆ لە ڕادیۆی حزبی شیوعی بڵاو دەکرایەوە، ئێستاش تێنەگەیشتم، کە چ تێگەیشتنێک سەرکردایەتی یەکیەتی هان دابوو، پلانی هێرشێکی وا دابڕێژێ!

چەند ساڵ دواتر لە ئاڵمان لە کۆبوونەوەیەک لە شاری بۆن چاوم پێیکەوت، ئەو وتاربێژی کۆڕەکە بوو، قسەکانیم پێ خۆش نەبوو و پێموایە پرسیارێکی پڕ لە دڕدۆنگیشم لێکرد، باش لە بیرم نەماوە. ساڵی ١٩٩٤ وەزعی کورد گۆڕابوو، ئێمە لە دەرەوە بە سەرکەوتنی کورد لە باشوور پاش ئەو هەموو کارەساتە شاگەشکە ببووین و بە هەڵەداوان خۆمان گەیاندە کوردستان.
پارتی دێموکرات و ئەوانەی خانە خوێی ئێمە بوون بە گرتنی زۆر بەهانە، ئەو هەلەیان بۆ نەڕەخساندین کە سەردانی مام جەلال و حزبکانی جگە لە پارتی و دام و دەزگاکانی بکەین، هەرچەند ئێمە ماوەیەک لە سولەیمانی و هەڵەبجەماینەوە. بە تۆبزی و پێداگرتن، هەلیان بۆ ڕەخساندین سەردانی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەین. بەهانەی ئەوان ئەوە بوو کە نێوان یەکیەتی و پارتی زۆر باش نییە و هەربینا شەڕی نێوانیان دەستی پێکرد. هەرواشی لێهات، یەک هەفتە پاش گەڕانەوەی ئێمە بۆ ئاڵمان، شەڕێکی خوێناوی لە ژێر رابەرایەتی مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بە سەر هەر دوو حزبەکە و خەڵکدا سەپێندرا!

هەر لەو ساڵانەدا لە لایەن ناوەند، لە شاری بۆن گۆوارێک بە ناوی "کوردستان هۆیتە" بە زمانی ئاڵمانی بڵاو دەکرایەوە کە لە هەموو وڵاتانی ئاڵمانی زمان بڵاو دەکراوە، منیش یەک لە ئەندامانی رێداکسیۆن بووم. لەم گۆوارەدا کوردی هەر چوارپارچە ئیشیان دەکرد، کەسانی سەر بە پارتی و یەکیەتی و کەسانی نەحزبی. لێرەش ناکۆکی ئەو دوو حزبە دەبیندرا، تەنانەت پێشتر لە چوارچێوەی یەکیەتی خوێندکارانی کورد ئەم ناکۆکیانە پاش چەند کوت بوون، بووە هۆی هەڵوەشانەوەی سەرجەم کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد. ڕووداوی هەڵەبجە و بەشداری یەکیەتی لە گرتنەوەی هەڵەبجە هاوقۆڵ لە گەڵ حکوومەتی ئیسلامی، وێنەیەکی دزێوی لای ئێمە لەوان پێک هێنا بە تایبەت کاتێ کە دەمانبینی لە خۆپیشاندانەکاندا بوونەتە چاوساخی ڕادیۆ و تەلەویزیۆنی ئێران یان کاتێک فیلمەکانی ئەوان و تێگەیشتنی کۆماری ئیسلامیان لە کۆبوونەوەکانیاندا نیشان دەدا. هەر وەها کاتێ لە نەخۆشخانەی ئاخن چاومان بە بریندرانی هەڵەبجە کەوت کە پاسداری ئێرانیش لە ناویاندا بوون و ئەوان نکۆڵیان لێدەکرد. وێنەی هەمووی ئەو ڕووداوانە لە ساڵی ١٩٦٦ هەتا ١٩٨٨ مێشکی کەسێکی وەک منی پڕ کردبوو کە گرێدراوی ناوی مام جەلال بوو!

پڕ لە ناباوەڕی ساڵی ٢٠٠٥ بانگهێشتنامەیەکم لە سەر ناوی یەکیەتی و مام جەلال بۆ کوردستان پێگەیشت. بۆ ئەوەی بزانم کێ و چۆن و بۆ بانگ کراوم، تەلەفونی سولەیمانیم کرد و لە گەڵ بەرپرسی کارەکە قسەم کرد و دەرکەوت کە بۆ ڕێزگرتن لە قازی محەممەد کۆمەڵێک کەس بانگکراون. یەکێک لەو بەرنامانەی کە داندرابوو، خواردنی نانی نیوەڕۆ لە گەڵ مام جەلال سەرۆککۆماری داهاتووی عێراق بوو. ئەو ڕۆژە من و خزمێکمان لە گەڵ زیندەیاد شێرکۆ بێکەس لە سووچێکی هوتێل ئەزمەر دانیشتبووین، کە مام جەلال هاتە ژوور. زۆر کەس بەرەوپیری چوون، لە پڕێکا خزمەکەمان کە لە من گەورەتر بوو، پێیگووتم هەستا بچیین بەخێرهاتنی بکەین، بە نابەدڵی شاعیرم بەرەو مام جەلال بەجێ هێشت و ئەحواڵ پرسیمان کرد، بە بێ ئەوەی بێژم کێم و لە کوێندەرێوە هاتووم.

شاری سولەیمانی و شارەکانی دەوروبەری پڕ لە بیرەوەری کۆنی هۆنەریی بوون بۆ من، بەڵام لە هەمان کاتدا دەیان پرسیاری بێ وڵام لە مەڕ تیرۆرکردنی زیاتر لە سێسەد کوردی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئازاری دەدام. نایشارمەوە و نابێ بیشارمەوە کە تیرۆری عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە وین کە تێکەڵ بە ناوی مام جەلال بوو، ئەوی لە بەر چاوی من خستبوو، هەرچەند هیچکات بەڵگەکان بە تەواوی دەرنەکەوت و خۆشی ئەم بابەتە و حزبەکەی بابەتی تیرۆری ڕۆژهەڵاتییەکانیان ڕوون نەکردەوە!

مێژووی ئێمە، مێژووی پڕ لە پرسیارە و لەوە دەچێ هەر کام لە ئێمە کە پێمانوایە نووسەر و ڕەخنەگر و ڕاستیوێژ و ڕاستی ویستیین، لە گەڵ ئەم مێژووە خوومان گرتووە و خۆمان بە ویستی خۆمان مێژوو ساز دەکەین، بەوجورەی کە حەزمان لێیەتی.
زۆر جار دەوری نزیک نیوەڕۆ لەو بەری دۆڵەکەی خڕی ناوزەنگ دەمبینی بە گۆچانەکەیەوە بەرەو ژوور هەڵدەکشا یان بەرەو خوار دادەکشا. ژیانی سیاسی مام جەلال هەڵکشان و داکشان بوو. دەوری ئەو لە مێژووی سیاسی باشووری کوردستان و زیاتر لەو لە مێژوویی سیاسی کوردستان لە نیو سەدەی ڕابووردوو، چی و چۆن بووە، ئاواڵە دەمێنێتەوە.

لە پاڵ هەموو ئەو وێنانەی کە من لە مام جەلالم هەیە، دوو وێنە هەمیشە زیندوو دەمێننەوە، یەک، ئەو کاتەی لە بەغدا حەولی دەدا کوردستان لە سەر خەریتە بسەلمێنێ، دووهەم وێنەی تەرمەکەی کە لە ئاڵای کوردستان پێچرابوو. گەر ئاڵای کوردستان لە سەر ئەو خەریتەیە وەک دەوڵەتی سەربەخۆ بشکێتەوە، دەبێ مام جەلال سەرەڕای هەموو مێژووەکەی کە نابێ فەرامۆش بکرێ، بەو دوو وێنەیە بناسرێتەوە! کوردێک کە هەشتاوسێ ساڵ ژیانی تێپەڕاند بۆ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە سەمبولی سەربەخۆی وڵاتەکەی بپێچرێ!

برایم فەڕشی